## پێشبركێی كوردستان نێت بۆ كورتەچیرۆک لە 7-11 تاكو 11-11-2005

### پەرتوكەكانی روژگار ... سۆزان بابانی

بەیانیەكی زۆر زوو بوو خۆر باوەشی گرتبوە رۆژە ساردەكەی پایزەوە، هەر وەک تازە بالندەكانیش لە خۆشی هەلهاتنی خۆر دەستیان كردبوو بە سەما كردن. تۆزیک بە نێو كوچەو كۆلانەكانی گەرەكەكەم دا رۆیشتم رێگایەكی زۆر چۆل بوو زۆر گەرام بەلكو ریبوارێک بدۆزمەوە باسی ئەم بەیانیە جوانەی بۆ بكەم بەلام كەسم نەبینی.
ئیتر لەسەر شەقامەكاندا تەنها گەلا سەوزو سورو زەرد و بگرە پرتەقالیشت بەدی ئەكرد ئیترگەرامەوە مالەكەی خۆم لە باخچەی خانوەكەم دانیشتم. كۆمەلە گەلایەك كەوتبونە خوارەوە ئیتربە پەنجەكانی دەستم یاریم بە چەند تەلی گەلایاك كرد كە كەوتبونە سەر لێواری مێزەكەی بەردەمم كە لە باخچەكە دا بو، بێ ئەوەی بە دوای یەك ریز كەوتبن، ئەو گەلایانە كە نەقش كرابون بە چەند وشەیەكی نادیار كە سەیرت ئەكرد بێ گومان زۆر شتی بە سەریەوە دیار بوو، بەلام تیگەیشتنی زۆر سەخت بو. . هەرچەندە پەنجەكانم زۆر بە بی دەنگی هەر بەردەوام بون بە یاری كردن بە گەلاكان، بەلام لەناكاو چاوم كەوت بە پەرتوكیكی بێ دەنگ كەوا خۆی حەشاردابوو لە نێوگەلاكاندا.
لەسەرەتای لاپەری یەكەمدا
ووشەی یادگاریم نوسیەوە. . دوایی تۆزێك تێی رامام و زۆر بە قولی لە بیری خۆمدا وتم ئەم پەرتوكە لەوانەیە هی خۆم بێت. . یان هی یەكێكی تر و یادگاریەكانیش لەوانەیە باس لە بارودۆخێكی دوور بكات كە رۆژانێك بە سەربەستی دەژیان، بەلام لە پرێكا دەستیان كرد بە راكردن یان لەوانەیە بەشێك بێت لە بەشەكانی ژیانمان كەوون بوون لەگەل تالایی رۆژگار ولەگەل خۆی بردن.
ئیتر هەستم بەوە كرد كەواشتیك هەیە رامدەكێشێ بۆ ئەوەی لاپەرەكانی ئەم پەرتوكە بەسەر بكەم و یەكە یەكە وشە شارراوە و نادیارەكان هەلوەشینم و هەلیان بێنم بەلكو یەك لەم ووشە شارراوانە بناسمەوە وشی بكەمەوەبەلكو یەدگاریەكان دەمگەرێننەوە رابردوە نزیكەكەی كەهەرگیز لە یاد چون و ناتوانم بیهێنمەوە یاد.
تاریكایی شەو قیبلە نومای رۆژ بو وساتە مەرگیش رەنگی رۆژئاوابون دەری دەخست. . باسی لەوە ئەكرد كە ساتە مەرگ زۆر نزیكە و تەمەن هەرچەند دریژ بێت هێشتا كورتە. . ساتە مەرگ هەرگیز دێت و لە دەرگاكانمان ئەدا. . هەرچەندە گەر وەك منالێكی زۆر گەنج خەونە ناسكەكانی وەك خوناوی باران خۆی بە دەر خات رەنگاو رەنگ وەك بەهار، هەرچەندە گەر ساتەكانی ژیان بپەرنە نێو دەوروبەرو قوولایی خۆر بێ گومان گەرمایی خۆر لە ناویان دەبەن.
لە لاپەرەی دوەمدە
ئەمرۆ بەهارە. . دونیاش كەوتوتە سەر شانی روبار، ، پێی وت:
- شاعیرەكەم. . ئێستاش لە دەرونمدا هەمو وەرزەكان بە دی ئەكەم بۆیە داواكاریم كۆتایی بەم شیعرە مەهێنە، لە وەلامدا وتی:
-بچكۆلەكەم ئەمر بە شاعر مەكە، چونكە هەمو شیعرێك كۆتاییەكی هەیە و دەبێ كۆتایی بێت
- ووتی:

تەنها شیعرەكەی من نەبێ، ئەبێ ببێت بە مانگێك كە هێشتا پڕ نەبێت بەڵكو هێمایەك بێت بۆ هەمو دلداران و ئازیزان، بەڵگە یەك بێت بۆ بەردەوام بونی ژیان بە تایبەتی ژیانی ئەوان. بەڵام لێگەرێ با شیعرەكە تەواو كەم چونكە بە هەزاران چاوەرێی تەواو بونین.

- ووتی ئەی دوایی؟

- ووتی. . شیعریكی تر ئەنوسمەوە. . لە دوای چیاكان گوێم لە چەند وشەیەكی ئەبجەدی بوو كە دەیووت. . (بەلێ. . بەهاری داهاتوو. . شیعرێك. . شیعرێكی تر دەنوسێتەوە. . لەسەر باڵ و شانی رووبارێكی تر. . و لەگەڵ بچكۆلەیەكی تر. .

لەلاپەری سێیەم

دەنگێكی پڕ لە جۆش پڕ لە گەرمی و خۆشەویستی و پڕ لە بێدەسەلاتی. . هاواری ئەكرد:

- دایە گیان برسیمە.

- ئەوی تریان. . دایە گیان براكەم لێی دام و یاریەكەی لێ بردم.

- دووایینیان. . دایە گیان زۆر سكم ئێشی.

پیاوەكەش لەم سەرەوە خۆی دەكاتە ژووره بچكۆلەكەو وەك ئەژدیهایەك بە دەنگە زل و ناخۆشەكەی دەلێ:

- ئافرەت ماندوم پێویستییم بە ئیسراحەت هەیە.

دایەش وەک مامز و زۆر چەپوک رادەكاتە لای بێچوەكانی یەك نان ئەدا و ئەوەی تر رازی ئەكا و سێیەمیش تیمار ئەكا. . ئنجا بێ دەنگی یەكی زۆر سەرتاپای ماڵەكە دەگرێتە بەر هەر یەكەو لە كونجێكی ژووره بچكۆلەكە دا دانیشتون ئنجا بە چاوێكی پڕ لە متمانەو خۆشەویستی یەوە سەیرێكی دەووروبەری خۆی ئەكا و جار جارەش یەكێكیان ئەخاتە باوەشە گەرمەكەی خۆی و پڕ بە خۆشەویستی دەست ئەخاتە ملیانەوە.

بروام بەوە هە بوو كەوا بەردەوام بونی ژیان لەم دڵە بچكۆلانەوە دەست پێ ئەكات و بەردەوامیش ئەبێت. . . ماچیان ئەكات یەكە یەكە، ئنجا چاوەكانی دادەخات بۆ ئەوەی خەون بە دوارۆژ ببینی، دوارۆژێكی زۆر خۆش و جوان.

. . . كاتێك كە پێڵوەكانی چاوی بۆ سەرەوە بەرز دەكەنەوە، هە مو ئەستێرەكان لە چاوەكانیا وەك باران دەبارن و دەرژێنە خوارەوە. ئنجا ئەم سێ منالە تەنها سەرینێك بوون كە خستبوویە باوەشی خۆیەوە، ، خەونی ئافرەتێكی نەزۆك.

ئیتر لاپەرەكانی تریش هەر بەم شێوەیە پڕ بوون لە ئازار و خەون، خەونێك كە نەهاتۆتە دی و ئەگەر هەر خۆشیەكیش كەلە لاپەرەكاندا هەبوبێت نەم توانی بیان چێژم. . چونكە خۆشیەكە زۆر كەم بوو كۆتاییەكانیش هەموی ئازار بون.

ئیتر زانیم كەوا لەهەر لاپەرەیەكدا مرۆڤێك هە یە كە لە هەمو ژیانیدا هەر بە دوای سەربەستی دا گەراوە بەلام ئیتر سەختی ژیان كە هەردەم بە رۆژگار ناوی دەنێین بۆتە بەرگر لە رێگەی ئەم مرۆڤە. . بێ گومان بە هێزی رۆژگار نیە و بێ دەسەلاتی ئەم مرۆڤەش نیە كەوای لێ بكات بەم شێوەیە هەلسوكەوتی لەگەڵدا بكرێت، بەڵكو یاسایەكە بەسەری دا سەپاوە چونكە ناوی ئافرەتە. ئنجا پەرتوكەكەم داخست بەلام چاوراشكاو بە هیوام كەوا ئەم جارەیان زۆر زوو بەلام بە شێوەیەكی تر خۆر دیسان دەست كات بە لەباوەشگرتنی بەیانیەكی تری پایز.

suzanbabani@hotmail. com